# ڕەوەندی کورد: قەیرانی دانووسانی نەوەکان

## دەرفەت یان گرفت

**دکتۆر ڕێبوار فەتاح**

که لە ژووری منداڵبووندا کردمنە باوەشم، وامدەزانی ئیدی کاتم نامێنێت و هەموو ژیانم بە فێرکردنی منداڵەوە بەسەردەبەم. هەرزوو بۆم دەرکەوت کە لە پرۆسەی فێرکردندا، شیلان و لەیلان زۆر لایەنی نووتەکی ژیانیان بۆ ڕۆشن کردمەوە. وەکیتر، کوێرانە لێمدەڕوانین. تەنیا من ئەوانم نەگۆڕی، ئەوانیش منیان کرد مرۆڤێکی بەکەڵکتر.

### ناکۆکی نێوان نەوەکان

ئەم گووتارە تایبەتە بە کۆمەڵگەی ڕوەندی کورد، لە ناکۆکی نێوان نەوەی یەکەم – دایکوباوکان – و نەوەی دووەم – زارۆکان – دەکوڵێتەوە و لایەنی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی سەرئەنجامەکانی ئەم ناکۆکیە دەبینێتەوە. کێشە بنەچەیەکانی دەرهاویشتەی ناکۆکیەکان و چۆنێتی نزیکبوونەوە لێیان لەچاو دەگرێت. هەوڵ نادات ڕێچارەی کرچوکاڵ بدۆزێتەوە، بەڵکو گووتارەکە زۆرتر تایبەتە بە لێکۆڵینەوە، تێگەیشتن و پێناسەکردنی جۆری ناکۆکیەکە و ئەو کێشانەی کە لێوەی سەرهەڵدەدەن. ئەمانەش یاریدەدەرن لە ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی کێشەکان بۆ گشت ئەندامانی خێزان و قووڵبوونەوەی لەنێوان نەوە جوداکاندا، کە ڕەنگە ببنە هۆکاری شیرازەتێکچوونی خێزان، دواتر کۆمەڵگە. دیارە خێزانی پڕ لە ئاژاوەش کۆمەڵێکی پڕئاشووبی لێدەکەوێتەوە.

ڕاستە ناکۆکیەکان لەنێوان نەوەی یەکەم و دووەمدان، بەڵام دەکرێت نەوەیەک سەنگەری خۆی بگوێزێتەوە بۆ نەوەیەکی تر. بۆ نموونە، نێرینەکان لەهەندێک باردا دەبن بە نوێنەری کولتوورە گوێزراوەکە بۆ پێشێلکردنی ئەو مافانەی کە کۆمەڵگەی خانەخوێ بۆ مێینەی دابین دەکەن. بۆ نموونە، چەند ساڵک لەمەوبەر لە بەیتانیدا، دایکێک و کوڕێکی پاکستانی پێکەوە کچێکیان خنکان. دایکەکە قاچی کچەکەیی گرتبوو تا براکەی لە خنکاندنی ببووەوە.

نەوەکان هەرگیز تەبا نابن. خۆ گەر تەبا بوونایە بەرەوپێشەوە نەدەچووین. ئەو دەورووبەرەی تێیدا دەژین و ئەو شێوازەی بیردەکەینە دەگۆڕدرێن؛ بەمەش هەم شێوازی ژیانی نەوەکان دەگۆڕدرێن، هەم بیرکردنەوەیان. هەندێک شێوازی نوێ دادێن و هەندێکی کۆن لەنێودەچن. تەنانەت لە مەودای ژیانی تاکە نەوەیەکیشدا شەقاوی گەورە دەنرێت. ئەز لە ژیانی خۆمدا، گەواهی داهێنانی کۆمپیوتەر، سی دی، لەیزەر و چەندین داهێنانی ترم.

جا بۆیە دەبێت هەر لە سەرەتاوە گۆڕان لە ڕەوتار و بیرکردنەوەی نەوەکاندا قبووڵ بکەین. خۆ ڕەنگە تاقە نەگۆڕێک لە سرووشتدا گۆڕان بێت. ئەم تێگەیشتنە دەستپێکێکی گرنگە بۆ ڕەوتاری هەردوو نەوەکە بەرانبەر بەیەک.

تێگەیشتن لە دوو بیرۆکەی کولتوور و زمان گرنگن بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە. کولتوور و زمان لێکدانەوەی زۆر جودایان بۆ کراوە و بە زۆر جۆر ناسێنراون. ئەز پێناسەکان بۆ چێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەم و ناچمە قووڵی بیرۆکەی کولتوور و زمانەوە. بەو جۆرە پێناسەیان دەکەم کە لە ڕاژەی نووسینەکەدا بن.

### کولتووری گواستراوە و کولتووری خانەخوێ

ڕەوەندی کورد نوێیە، تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ هەفتاکان. هێشتا نەوەی یەکەم پێیەکی کولتووری لە کوردستانە. نەوەی دووەمیش یان لە تاراوگە لەدایکبوون یان زۆر بەمنداڵی گواستراوەتەوە. کەواتە لەنێو خێزانێکی ڕەوەندی کورددا دوو کولتوور پێکەوە دەژین. یەکیەکیان کولتووری دیکوباوکە کە ڕەگووڕیشەی لە کوردستانە؛ ئەویدیان زارۆکانە کە ڕەگوڕیشەی لە کولتووری خانەخوێدایە. کولتووری دایکوباوک لە کوردستانەوە

پەرپوەتەوە کە ڕەنگە بە زارۆکان نامۆ بێت. ئایا ئەم دوو کولتوورە دەتوانن پێکەوە بە ئاشتی بژین و بەبەرهەم بن بۆ کۆمەڵەگەی هەردوولا؟ ئەمە پرسێکی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

پێکەوەژیانی ئەم دوو کولتوورە بەبێ کێشە نیە. خۆ لە تاقە کولتوورێکیشدا، بۆ نموونە لە خێزانێکی کوردستاندا، ناکۆکی نەوەکان بەردەوامن. لێرە نەوەی یەکەم پشتگیری کولتوورە خانەخوێکەی – زاڵەکەی – هەیە. لە تاراوگەدا، ئەم پشتگیریە لەدەست دەدات بۆ نەوەی دووەم. کولتووری خانەخوێ زۆرتر پشتگیری لە زارۆکان دەکات.

هەڵبەت ناکۆکی ئەم دوو کولتوورە لە تاراوگەدا زەقتر دەبێتەوە، لەبەر چەندین هۆکار، کە هەندێکیان دەخەمە ڕوو.

جودایی کولتوورەکان – کە زمان بەشێکێتی – دەگاتە ڕادەیەک کە دایکوباوک و منداڵان هەمان زمان ناپەیڤن. خۆ گەر منداڵان زمانی دایکوباوکیشیان بزانن کێشی کولتووری لەپشت بیرۆکەکانیاندا نازانن. کێشی کولتووری زمان نازانن. زمان بە پرۆسەیەکی مێژوویدا ڕۆیشتووە، کە پێشینەیەکی داوە بە زمان. ڕاستە گفتووگۆ بە زمان دەکرێت، بەڵام زمان تەنیا تەکنیکێکە بۆ ئاڵوگۆڕی کولتوور. لەم ناوەرۆکەدا، زمان ڕووی پێشەوەی کولتوورە.

دایکوباوکانیش، بەهەمان شێوە، ڕەنگە زمانی کولتووری خانەخوێ بزانن بەڵام لە ئاکارێکی نزمدا دەبێت. بەمەش دایکوباوک و منداڵان لە ئاستێکی تەنکدا دەپەیڤن و ناچنە قووڵایی کێشە و بابەتەکانەوە. بەمجۆرە هەندێک لە پردەکانی گفتووگۆی نەوەکان دەڕمێن.

لێرەدا ڕۆڵی دایەگەورە و بابەگەورەمان لە تاراوگەدا، لەو خێزانانەدا کە هەن، دەبێت لەیاد نەچێت. ئەمان کولتوور و زمانی کوردی کاریگەرانە دەگوێزنەوە بۆ منداڵان و هەندێک لە پردەکان بە ڕاوەستاوی دەهێڵنەوە.

نەوەی یەکەم ڕووبەڕووی گرفتی تر دەبێتەوە. پاش ئەوەی کە وەک نەمامێک لە دەورووبەری خۆیدا هەڵکێشراوە، پێویستە جارێکی تر خۆی بژێنێتەوە. جا ناچار دەبێت کاتێکی زۆر بە دامەزراندنەوەی ژیانی خۆیی و خێزانیەوە تەرخان بکات، بەجۆرێک کە کاتی بەدەستەوە نامێنێت و تا ئاوڕ دەداتەوە کەلێنی گەورە کەوتووەتە نێوان خۆیی و نەوەی دووەمەوە. پردی تێگەیشتن و گفتووگۆ زۆر ڕووخاون. منداڵانیش ڕەنگە لە فێرگەی کولتووری خانەخوێدا بن، کاتێک کە دایکوباوک ڕەنگە کار لە دەستگایەکی نزیک بە کولتووری خۆیانەوە بکەن.

### کولتوورەکان پێوەری جودایان هەیە

هەر کولتوورێک پێوانەی خۆیی هەیە، و ڕەنگە پێوانەی کولتوورە جوداکان لەگەڵ یەکدا تەبا نەبن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کولتوورێک ڕاستە و یەکێک چەوت. کولتوور دەرئەنجامی دانووسانی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەیە کە لەلای کۆمەڵێک مرۆ بەرجەستە بووە. هیچ کولتوورێک نزم نیە. هەڵبەت کولتووری کۆمەڵگەیەک ڕەنگە بە کۆمەڵگەیەکی تر نامۆ بێت.

منداڵان لە تاراوگەدا، دەرفەتگەلێکی نوێیان بۆ ڕەخساوە، کە تەبان بە کولتووری خانەخوێ، بەڵام ڕەنگە لەگەڵ کولتووری کوردیدا ناکۆک بن. بۆ نموونە تەمەنەکانی 16 و 18 ساڵان، دوو دەرکن کە چەندین دەرفەتی نوێ بە قانوون بۆ منداڵان واز دەکەن. منداڵان، چ کوڕ بن یان کچ، لە 16 ساڵیدا، دەرکی سێکسیان بۆ دەکرێتەوە، دەتوانن فێرگە و ماڵ جێبهێڵن و بە سەربەخۆیی بژین. هەرچی 18 ساڵانە، منداڵان دەتوانن کهول بکڕن و بیخۆنەوە؛ جگەرە بکڕن و بیکێشن. ئەمانەش گرفت دەهێننە گۆڕێ بۆ خێزانێکی کورد، بەهۆی پێشینەی کولتووریەوە، زۆر لەم چالاکیانە قووت نادرێن.

لەم جەنگەدا، دایکوباوک لەو چەکانەی لە کوردەواریدا هەیانە و پێیانە داماڵراون، چونکە چالاکیەکان دەرهاویشتەی کۆمەڵگای خانەخوێن و سرووشتین. قانوونەکان و خۆرسکەکانی (نۆرمەکانی) کۆمەڵگەی خانەخوێی پشتگیری زارۆکانن. جا بۆیە بۆ پێشێلکردن یان داماڵینی ئەو مافانەی کە کولتووری خانەخوێ بە

زارۆکانی داوە، ئەوەی یەکەم هانا بۆ کولتووری خانەخوێی خۆی دەبات. بۆ نموونە بۆ سزادان، هەندێک دایکوباوک زارۆکان دەگوێزنەوە بۆ کوردستان. گەر زیرەکانە مامەڵەی لەتەکدا نەکرێت، لەم جەنگەدا هەردوو نەوە دەدۆڕین. هەندێک جاریش ڕووداوی جەرگبڕی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە خێزان شیرازەی دەپچڕێت و هەڵدەوەشێتەوە. لە هەندێک باری کەمیشدا، منداڵان و دایکوباوکان دەبنە قوربانی.

## ئایا دەکرێت لە کولتووری خانەخوێ کەڵک وەربگرین؟

ڕاستە کولتوورێک نیە ڕاست بێت و یەکێکی تر هەڵە، بەڵام کولتوورە جوداکان دەتوانن لەیەکەوە فێربن. هەندێک پێوەر هەن لە کولتووری کوردیدا دەرفەت نادەن بە زارۆکان کەسایەتی خۆیان دابمەزرێنن. لەم بارانەدا، کەڵک وەرگرتن لە کولتووری خانەخوێ پێویستە. چەند نموونەیەک دەخەمە ڕوو.

<u>منداڵ نابێت کۆپی دایکوباوک بێت:</u> لە کولتووری کوردەواریدا، کە وەک زۆربەی کولتووری خۆرهەڵاتە، کەسێک بۆئەوە ڕێزی لێ ناگیرێت کە کەسایەتیەکی خۆیی هەیە. هەموو کەسێک دەیەوێت کەسەکانی تر بکات بە خۆی. ئەم ڕەوتارە لە خێزاندا ڕەنگ دەداتەوە. دایکوباوک دەیانەوێت منداڵان بەو جۆرە دابڕێژن کە خۆیان دەخوازن، ئامانج و حەزی خۆیانی تێدا بەرجەستە بکەن. ئەوەی کە دایکوباوک نەیانتوانیوە بیهێننە دی لە ژیاندا، دەیانەوێت منداڵەکان بۆیانی بهێننە دی. ئەمەش ئەستەمە، بگرە بە زەرەری منداڵان دەگەڕێتەوە. منداڵان دایکوباوک نین. ئەم ڕەوتارە زۆرجار هەم ڕەچەشکێنی و بەهرە لە منداڵاندا دەکوژێت، هەم ناکۆکی دەخاتە نێوان نەوەکانەوە. ڕاسترە گەر بەهرەی خۆڕسکی منداڵان کاری لەسەر بکرێت و پەرەی پێبدرێت، نەک دژی بووەستریت و سەکوت بکرێت. بەمە منداڵان سەریان لێ تێکدەچێت و نازانن جێیان کوێیە. وەک دەگوترێت: بیر لەوە مەکەرەوە کە چی بۆ خۆت باشە؛ بیر لەوە بکەرەوە کە چی بۆ منداڵەکەت باشە.

<u>منداڵ نابێت وەک گەورە ڕەفتار بکات و بیر بکاتەوە:</u> بەردەوام منداڵان داوایان لێدەکرێت کە وەک گەورە ڕەوتار بکەن. کەچی کە لە کۆڕی گەورەکاندا دەپەیڤن پێیان دەگووترێت "لە ڕووی گەورەدا هەڵمەدەرێ." ئەمەش دووفاقیەک دێنێتە گۆڕێ کە منداڵان لە دەوروبەرێکی جێنەگیردا گەورە دەکات. نیشانەکانیشی باوەڕ بەخۆنەبوون، بێتوانایی لە بڕیارداندا و دووڕووی دەبن.

منداڵی دروست ئەوەیە کە وەک منداڵ بژی، نەک ئەوەی کە وەک گەورە ڕەوتار بکات. منداڵ پێویستی بە چیرۆکی منداڵان، شەقشەقە، جۆلانە و پێداویستیەکانی منداڵانە، نەک ئامادەبوونی لە کۆڕی گەورەکاندا، لە کاتێکدا کە منداڵەکانی تر سەرقاڵی یاریکردنن. منداڵ نابێت بە منداڵی وەک گەورە بژی. دەنا دواتر، بە گەورەیی دەبێتە منداڵ بۆ جێگرتنەوەی کەلێنی منداڵی لە ژیانیدا.

<u>دەبێت گوێ لە منداڵ بگیرێت:</u> هەر لەبەرئەوەی کە تەمەنداران دنیایان زۆرتر دیووە، ئەوە ناگەیەنێت کە لە منداڵانەوە فێرنابن. تەنیا بە گوێگرتن لە منداڵەکەت دەتوانیت لە منداڵەکەت بگەیت، بزانیت چۆن بیردەکاتەوە و هۆشمەندی چۆن دەکارێت. بەبێ ئەم تێگەیشتنانە بنیاتنانی ژیانێکی گەش ئەستەمە. منداڵان لەیەک ناچن؛ زۆر جودان. هەر لەبەرئەوەی کە لە پەروەردەکردنی منداڵێکدا سەرکەوتوو بوویت، مانای ئەوە نیە کە هەردەم سەرکەوتوو دەبیت. گوێ لە منداڵەکەت بگرە و بە جیدی گفتوگۆی لەگەڵدا بکە.

<u>گفتووگۆی بەردەوامی نەوەکان:</u> دایەلۆگەکان بەردەوام بکەن بۆ نزیک بوونەوەی کولتوورەکان. لە تەمەنێکی بچووکەوە هەوڵ بدە گرفتی منداڵەکەت بزانیت. لەم بارەدا گەر بێدەنگی لە زیو بێت، دوان لە زێڕە. ڕاستەکەی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دەبێت بۆ منداڵ بدوێیت کاتێک کە دایکی دووگیانە. من لە ژیانی باوکایەتیمدا زۆر تەکنیکم بەکارهێناوە بۆ بەردەوامبوونی گفتووگۆکان لەنێوان خۆم و منداڵانمدا. لێرەدا یەکێک لەو تەکنیکانە بە نموونە دەهێنمەوە.

"فرێد" جاڵجاڵۆکەیەک لە ئاسایی گەورەتر بوو خۆی خزانبووە ماڵی ئێمەوە. زارۆکان، شیلان و لەیلان، داخوزیان لە من دەکرد کە فرێد بکوژم. منیش ڕەفزم دەکرد هیچ زیندەوەرێک بکوژم. گفتووگۆمان زۆر کرد. بۆ

نموونـه، ئـەوان دەیـانگووت، فرێـد ناشرینه، زلـه، قاچـەکـانی نـاقۆڵان. منـیش دەمگـووت فرێـدیش هـەمـان بیرکردنـەوەی دەربـارەی ئێـوە هـەیـە. ئـەوان منیـان بـەوە تاوانبـار دەکـرد کـە قـەبـارەی خـۆم بـەکـاردێنم بـۆ چەوساندنەوەی ئەوانی زارۆک. منیش ئەوانم بەوە تاوانبار دەکرد کـە ئـەوانـیش قـەوارە و هۆشـمەنـدی خۆیـان بەکاردێنن بۆ چەوساندنەوەی هاوسروشتێکیان کە فرێدە. من دەمگووت هەر لەبەرئەوەی ئێمە دەتوانین گچکەکان بکوژین و قانوونێک نیە گچکەکان بپارێزێت، مانـای ئـەوە نیـە توانـا و بیرکردنـەوەی خۆمـان لـە لـەنـاوبردنی هاوسروشتەکانماندا ببڕێنینەوە. دیاربوو کە ئێمە ناگەینە هیچ ئاکامێک، بەڵام، من لەوەدا زاڵبووم، کە ئەوانی زارۆک نەیاندەوێرا توخنی فرێد بکەون. جا تـا فرێـدیش بـە میچـی ژوورەکـەوە بووایـە، گفتووگۆکـان بـەردەوام دەبوون. ئیدی پاش چەند رۆژێک لە گفتووگۆ گەیشتینە ئەو سەرئەنجامەی کە فرێد جێی ناوماڵ نیە، دەبێت بە سەلامەتی و رێزەوە بگووێزرێتەوە ناو باخچەکەمان.

لــە گفتووگــۆی فرێـدەوە گومــانم نیــە زۆر دەربــارەی سروشــت، جاڵجاڵۆکــە، رێزگــرتن لــە سرووشــت و هاوسروشتیەکان و بەرپرسی ڕەوشتی ئێمەی مرۆ بەرانبەر سروشت فێربـوون. بـەڵام ئـەوەی گرنـگ بـوو ئێمـە، ئەوەی یەکەم و دووەم، زۆر دەربارەی یەکتر فێربووین.

بەردەوامبوونی گفتووگۆکان ئەوە ناگەیەنێت کە دیکوباوک زانان و منداڵان نەزان.

<u>دەبێـت بـە منـداڵ بگووترێت "نـازانم":</u> "نـازانم" وشـەیـەکە بـە کولـتووری کـوردەواری نامۆیـە. لـە کولـتووری کوردەواریدا وشەی "نازانم" زۆر کەمە. هەموومان هەموو شتێک دەزانین، کـە رەنگـە کاریگـەری نـەگـەتیڤ بێـت لەسەر منداڵان – پشت بەخۆیان نەبەستن. "نازانم" لە دیکوباوکانەوە باوەڕ بە منداڵان زیاد دەکات.

من لە چەندین کاردا رۆژانە پەنا بۆ منداڵانم دەبەم. بۆ نموونە زۆرجار کە بە ئینگلیزی دەنووسم، لە رستـەیـەک یان دەستەواژەیەک دڵنیا نیم. منداڵان چونکە زمانی یەکەمیان ئینگلیزیە فریادرەسن. لـەم نموونـەیـەدا، جـووت کولتووری ناو خێزان هێزە، نەک لاوازی.

<u>لەگەڵ منداڵدا توونددوتیژ مەبە:</u> توندوتیژی کێشەکان چارەسەر ناکەن، قووڵ و فراوانی دەکەنەوە. پـەیـوەنـدی تەمەنداران لە منداڵاندا رەنگ دەداتەوە. گەر گـەورەکـان هـێمن بـن، منـداڵانیش هـێمن دەبـن. هـەوڵـی هێمنانـەی کێشەکان بدەن. با دایکوباوکان هەموو کێشەیەک خۆیان چارەسـەری نـەکـەن، و هـەمـوو ئـەندامـەکـانی خێـزان بەشداری تێدا بکەن. تەکنکێکی ناسراو بۆ نزیکبوونەوە لە کێشـەکـان بـەکـاربهێنـە. خـۆ گـەر پێویـستی کـرد، دەتوانیت بچیتە خوولێکی پیشەییەوە کە لە هەموو وڵاتێکی ئەوروپادا فەراهەمە.

گەر دایکوباوکان دەیانەوێت نەوەکانیان بەخۆیانەوە ببەستنەوە، دەبێـت ئـەوە بـزانن کـە توندوتیژی هۆکـاری دوورخستنەوەیە، و خۆشەویستیش هۆکاری یەکخستنەوە. خۆشەویستی لە خێزاندا دابمەزرێنـە، نـەک ئـاژاوە، گەر دەتەوێت منداڵان خۆشیان بوێت.

مەترسە لەوەی بە منداڵان ڕابگەیەنیت کە کولتووریان جودایە. ئەمە لاوازی نیە، بـەڵکو هێـزە. ئـەو منداڵانـەی جووتکولتوور و جووتزمـانن دیدیان فراونترە. بـا منـداڵان شـانازبن بـە هـەردوو کولتوورەوە، نـەک خۆیـانی لێبدزنەوە.

**سەرنج:** ئەمە کورتەی گوتارێکە کە لە سمیناری "لێکۆڵینەوە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و گرفتی بنەماڵەی لاوانی کورد" پێشکەش کرا: 30 سێپتەمبەری 2005، هێلسینکی پایتەختی فینلەندادا، هۆڵی کایسای کولتووری، بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی منداڵپارێزی فینلەندی. سوپاسم بۆ کاک ڕێبوار کەریمی بۆ ڕێکخستنی سێمینارەک. لە هەفتەنامەی 'ئاوێنە'ی 19 جەنیوەری 2007دا بڵاوکراوەتەوە.

**دکتۆر ڕێبوار فەتاح سەرپرشتکاری ماڵپەڕی ئنگلیزیزمانی کوردیش میدیایە. پەیوەندیەکان: rebwar@ikurd.com**